www.kurdistannet.org

15-8-2007 17:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەفەر ... بەکرحەبیب



سەفەر دەکەیت وا نزرگەی چەندین ساڵە بەجێ‌دێلی!
بۆ ڕێگەی سەختی نامۆیی بە ئەشکی‌سوێرت ئەکێڵی؟
بەرەو کوێ بارگەت هەڵناوە وا بەحەسرەت ڕێت گرتووە؟
چاوانیشت لە ئێستاوە تەمی گریانی گرتووە
دڵی ئێمە وا پەیمانی عەشقی ئەبەدی خۆی دابوو
بێ‌وەفاییت نووان ساکەی گوفتاری ئێمە ئاوابوو؟!
چرای خۆشەویستی و وەفا ببووە ڕووناکی دڵداران
شەوچەرە بوو باسی ئێمە لە ژێر ڕەشماڵ لە هەواران
مەڕۆ و ئەم زەمەنەی ئەوین مەکە ئاوێنەی فەنابوون
ژینی‌نامۆیی‌مەچێژە و مەتاسێنە هاواری وون.

... سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.